www.kurdistannet.org
20-2-2003 0:09

# خۆپیشاندانەکانی بەناو لایەنگرانی ئاشتی!

**مستەفا گەرمیانی**

لە 15ی شوباتدا، شەش ملیۆن کەس لە نزیکەی 50 شاری ئەورووپا و ئەمەریکا خۆپیشاندانیان ساز کرد. بەڵام ئایا ئەم هەموو خەڵکە ئاشتیخوازن؟! با بزانین هۆکارەکانی خۆپیشاندانەکان چین. سەرەتا دەبێ بپرسین بۆچی چارەکی، بگرە دەیەکی ئەمەش ساڵی پێشوو بۆ پشتیوانی لە ئاشتی ئەفغانستان ورتەیان لە دەمەوە نەهات. تۆ بڵێی خەڵکی عێراقیان لە خەڵکی ئەفغانستان خۆشتر بوێت؟! ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت، سوپا جیهانییە مرۆڤخۆرەکەی ئەمریکا، لە چەندین وڵاتی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتیندا بەردەوامی دەدات بە شەڕ و ئاشتی جیهانی دەشێوێنێت. ئاخۆ خەڵکی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و شوێنەکانی تر مرۆڤ نین تا خۆپیشاندەرەکان بۆ ئەوانیش بچنە سەر شەقامەکان و داوای ئاشتییان بۆ بکەن؟! ئەوەی ئەلف و بێی سیاسەت بزانێ دڵنیایە کە ئەم خەڵکە هەموو ئاشتی خواز نین. لە ڕاستیدا خۆپیشاندەرەکان تێکەڵ و پێکەڵن، بەڵام هاوبەرژەوەندین لە لێنەدانی عێراق. دەکرێ خۆپیشاندەران بەم جۆرە ڕیزبەندی بکرێن:

گرووپی یەکەم:

ئەوانەی تەنها بەرژەوەندی خۆیان لا مەبەستە و تا سەرئێسقان خۆپەرستن. چوونکە دەزانن ئێستا کە نرخی بەنزین لە ئەورپادا نزیکەی یەک دۆلارە بۆ لیترێک، بەڵام بە لێدانی عێراق 300% تا 400% بەرز دەبێتەوە. خەڵکی ئەورووپا بە بێ بەنزین لە جموجوڵ دەکەوێت. لە وڵاتێکی وەکو سوێددا کە ژمارەی دانیشتوانی تەنها 9 ملیۆنە، 4، 5 ملیۆن ئۆتۆمبیلیان هەیە. لە هەموو ئەورووپادا زیاتر لە 450 ملیۆن ئۆتۆمبیل لە شەقامەکاندا دەسوڕێنەوە. دیارە بێجگە لە ئۆتۆمبیل دەیان مەکینەی تر هەیە کە سەرچاوەی وزەیان بۆ نەوت دەگەڕێتەوە. ئاشکراشە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام و هەندێ گۆڕانکاری تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمریکا خۆی بڕیار لەسەر دیاریکرانی نرخی نەوت دەدات، ئەمەش مەترسییە بۆ سەر بازاڕەکانی ئەورووپا.

گرووپی دووەم:

مرۆڤە سادەکانی ئەورووپا، کە مێشکی خۆیان داوەتە دەست ماسمیدیاوە، ماسمیدیاش لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵ و زەبەلاحەکاندایە. هەر ئەم خەڵکە سادە و ساویلکانەی ئەورووپا و ئەمریکا بوون، کە ساڵی 1988 بۆ هەڵەبجە و ئەنفالەکان خۆپیشاندانیان ساز نەکرد. چوونکە ئەوسا دەوڵەتەکانیان و ماسمیدیاکانیان بەرگرییان لە ڕژێمی عێراق دەکرد.

گرووپی سێیەم:

هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپا و پارتە سیاسییەکانی ئەمریکاش بەرژەوەندی تایبەتییان هەیە لە بەشداریکردنی خۆپیشاندانەکان و، بگرە دەستیشیانی تێدا هەیە، بۆ ئەوەی سەددام زیاتر مەغرور بکەن، تاکوو وا بزانێ خەڵکی جیهان لەگەڵ لێنەدانی ئەودان و ئەویش سوور بێت لەسەر ئاشکرانەکردنی چەکە کۆکوژەکانی، پاشان هەر بەو هۆیەشەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لێی بدەن، ئەگەرنا لە کاتێکدا (چین و ڕووسیا و فەرەنسا) دژی لێدانی عێراقن و لە ئەنجومەنی ئاسایشدا هەڵوێستیان هەردەم پشتیوانی عێراق بووە، کەچی کەمترین ڕێژەی خۆپیشاندان لە (چین و فەرەنسا و ڕووسیا) دا کرا. مرۆڤ پێویستە هەڵوەستەیەک بکات و لە خۆی بپرسێ بۆچی؟

گرووپی چوارەم:

هێزە چەپ و مرۆڤ دۆستەکان و کلێسا، ئەمانە هەرچەندە بەڕاستی ئاشتیخوازن، بەڵام ڕێژەیان لە خۆپیشاندانەکاندا دەتوانرێ بە گوێرەی ڕێژەیان لە پەرلەمانەکانی ئەوروپادا بزانرێت، کە لە پەرلەمانی هیچ وڵاتێکی ئەروپادا 10% تێپەڕ ناکات. بۆ ئەم گروپەش پرسیارێکم هەیە، گریمان هیتلەر زیندوو بێتەوە و ئێستا ئەمریکا بە نیازی وەشاندنی گورزێکی سەربازی بێت لە هیتلەری خۆیان، ئایا هەڵوێستی ئەوسایان چۆن دەبوو؟ هەرچەندە ئەمانە ئاشتیخوازیش بن، بەداخەوە هیچ حسابێکیان بۆ ئازارەکانی خەڵکی عێراق و باشووری کوردستان لە 35 ساڵی دیکتاتۆری سەددامدا نەکردووە.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 15-1-2003

www.kurdistannet.org کوردستان نێت